سێ پەرلەمانتاری نوێی نوێ مووچەی خانەنشینی پەرلەمانیان ڕەتکردەوە

هەرسێ پەرلەمانتارانی نوێی نوێ، کاوە عەبدولقادر، مژدە محەمەد، سپیان ئامەدی، پەرلەمانتارانی خولی پێنجی پەرلەمانی کوردستان بە داوایەکی فەرمی داوایان لە سەرکی دیوانی پەرلەمان کرد کە تەواوی مووچەی خانەنشینی پەرلەمان بە خێیان ڕا بگرێت.

لە نوسراوەکەی هەرسێ پەرلەمانتاری جوڵانەوەی نوێی نوێ بە سەرکی دیوانی پەرلەمان هاتووە، "ئەمە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی نوێی نوێ لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی 2022/11/6 موچەو دەرماڵەو نەسریەو سەرجەم ئیمتیازەکانی پەرلەمانمان ڕەتکردەتەوە و بە نوسراوی تایبەت داوامان لە بەڕێزتان کرد هەژماری بانکیەکانیشمان دابخەن، هەروەها پێشتریش بە نوسراوی فەرمیش خانەنشینیمان ڕەتکردەوە".

لە نوسراوەکەیان جەخت کراوە کە بەی 52 ملیۆن دیناری ئیکرامی پەرلەمانتاریان ڕەت کردەوە.